## هێرشکردن بۆ سەر پەنابەرانی کامپی ئەشڕەف ئیدانە دەکەین

لەوەتی دۆسێیەی پەنابەرانی ئێرانی لە عێراق لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە رادەستی حکومەتی عێراقی کراوە، گیان و ژیانی ئەو پەنابەرە بێدیفاعانە کەوتووەتە مەترسییەوە و رۆژ نییە لە ژێر ئەزیەت و ئازاردا نەبن و تا ئێستاش سێ جار کەوتوونەتە بەر هێرشی سەربازیی هێزەکانی عێراق لە کامپی ئەشڕەف و دووجاریش لە کامپی لیبرتی مووشەکباران کراون کە بێ هاریکاریی حکومەتی عێراقی نەدەکرا. جیاو لەوەی تا ئێستا نزیکەی 150 کەس بەهۆی ئابڵۆقە و گوشار و هێرشکردنەکانەوە گیانی خۆیان لە دەست داوە، نزیک بە (2000) کەسیشیان بریندار کراون و ئێستاش هەم مەترسییەکان بۆ سەر گیان و ژیانیان بەردەوامە و هەمیش رەوشی ژیانیان زۆر سەخت و دژوارە..

پەلاماردانی پێنجەم شەوی 1ی ئەیلول کرا کاتێ لیوای 36ی سوپای عێراق و هێزەکانی سوات، بەشەو هەڵکیانکوتاوەتە سەر ئەو (100) پەنابەرەی بە پێی رێککەوتننامەی چوارقۆڵیی نێوان ئەمریکا و عێراق و (یوئێن) و دانیشتووان لە کامپی ئەشڕەف مابوونەوە. پەلاماردەران دانیشتووانی ئەو کامپەیان فەتڵوعام کرد و لە ئەنجامدا (52) کەس لەو پەنابەرانە کوژراون کە هەر هەموویان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی «خەڵکانی پارێزراو» بوون. بە پێی زانیارییەکان (7) کەسیشیان بە بارمتە گرتووە و چارەنووسیان نادیارە.

ئێمە وەکو ئەنستیتۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئەو کۆدەنگییە نێودەوڵەتییە و بە توندی ئیدانەی هێرشکردنەکەی کامپی ئەشڕەف دەکەین کە بووە هۆی کوشتن و برینداربوونی ژمارێک لە دانیشتووانەکەی و داواکارین نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ هەڵوێست بنوێنن بۆ پاراستنی سەلامەتی و مافی دانیشتووانی ئەشڕەف و داوای لێکۆڵینەوەی تایبەت و هەمەلایەنە دەکەین بۆ سزادانی تاوانباران بەمەبەستی رێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی.

هەولێر